OCHA
ئۆچا عێراق|هەواڵی تازە ژمارە ٤
بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ
١٩ی شوباتی ٢٠١٧

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ بارودۆخەکە:

ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ لە دەستی داعش لە ١٩ی شوبات دەستی پێکردەوە. هێزەکانی ئاسایشی عێراقی جولە دەکەن بەرەو شارەکە لە لای باشوری ڕۆژئاوا، لە ڕێگای ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانێکی کەمتریان تێدایە. تاکو ئەمڕۆ، 160,000 لە کۆی نزیکەی 217,000 کەس کە لە شەڕوپێکدادانەکان ڕایانکردووە لەوەتەی ١٧ی تشرینی یەکەم لە ئاوارەییدا ژیان دەگوزەرێنن، لەوکاتەی زیاتر لە 57,000 کەس گەڕاونەتەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان لەو ناوچانەی کە تازە ئازادکراونەتەوە. نیگەرانیە ڕاستەقینەکان دەمێننەوە بۆ پاراستنی خەملێنراوی 750,000 - 800,000 هاوولاتی لە بەشی دانیشتوانە زۆرەکەی ڕۆژئاوای شارەکە، لەو شوێنەی کە خۆراك، ئاو و سووتەمەنی پێش وەختە ڕوو لەکەمبوونەوە دان.



Map Sources: OCHA, CCCM, IOM DTM, Clusters
The boundaries and names shown and the designations used on this map do not imply official endorsement or acceptance by the United Nations. Map created on 19 February, 2017

## زیانی مرۆیی پێشبینیکراو:

سەرەتای زیانی مرۆیی پێشبینی دەکرێت سووك بێت، هەروەك هێزەکانی ئاسایش جولە دەکەن بەرەو ناوچەکانی کە دانیشتوانی کەمتری تێدایە. کۆمەکی تەنگەتاوی بۆ ئەو کەسانەی کە لە لادێیەکانی دەوروبەرن دابین دەکرێت بەزووترین کات کە ئەمن و ئاسایش ڕێگە بدات. هەروەها شەڕوپێکدادان دەگاتە ئەو ناوچانەی کە دانیشتوانی زۆر زیاتری تێدایە، ئەگەری چەند سیناریۆیێکی جیاواز هەیە لەوانەیە بێتە کایەوە، لەوانە دابین کردنی هاوکاری بۆ ئەو کەسانەی کە بەهۆی شەڕوپێکدادانەکانەوە ئاوارەبوون. لە نێوان 250,000 و 400,000 کەس لەوانەیە بەهۆی شەڕوپێکدادان لە ڕۆژئاوای شارەکە ڕابکەن. بە هەبوونی شەقامە تەسکەکان و زۆری ژمارەی دانیشتوان لە ڕۆژئاوای شاری موسڵ، هاوولاتیان لە مەترسیەکی گەورەدان لە کەوتنە بەر تەقەکردن، و پێدەچێت ژێرخان زیانێکی بەرچاوی پێبگات.

## بەهاناوەچوونی مرۆیی و هەماهەنگی:

حکومەت و هاوکارانی مرۆیی تواناى خێوەتگە فراوان دەکەن بۆ نیشتەجێکردنی ژمارە پێشبینیکراوەکانی خەڵك کە لە ڕۆژئاوای شارەکە ڕابکەن. هەندێك لە 9,800 شوێن ڕەشماڵی خێزانی بەرجەستەن، کە لەوانەیە نزیکەی 59,000 کەس بەپەلە نیشتەجێ بکات. زیاتر لە 39,600 شوێن ڕەشماڵ لەوانەیە بەرجەستە ببن لە کۆتایی مانگی شوبات، بە گوێرەی پێشبینیەکانی پلاندانان. هەوڵەکان دراون بۆ زیادکردنی تواناى لەخۆگرتنی زەبری دەروونی لە نزیك شارەکە، بۆ زیادکردنی ژمارەی ئەو کەسانەی کە چارەسەر وەردەگرن لە یەکەم 'کاتی زێڕین' لە دوای برینداربوون، و دوو خاڵی تری سەقامگیرکردنی زەبری دەروونی دامەزراون. لە ئێستادا هیچ دەستگەیشتنێکی مرۆیی نیە بۆ ڕۆژئاوای شاری موسڵ.

لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ، هاوکاری مرۆیی بەردەوام پێویستە بۆ دابین کردنی خۆراك، ئاو و چاودێری تەندروستی. هاوکارانی کاروباری مرۆیی 2.3 ملیۆن لیتری ئاو دەخەنە تانکەری ئاو و دەینێرن بۆ گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر بنەمایەکی ڕۆژانە بۆ تەواوکردنی کۆمەکی شارەوانی. پاکێجە تەنگەتاویەکانی خۆراك، ئاو و کەل و پەلە زۆر پێویستەکانی ناوماڵ و پاك و خاوێنی گەێندراونەتە دەستی 878,000 کەس لە گەڕەکەکانی ڕۆژهەڵات و ناوچە تازە ئازادکراوەکان لەوەتەی ئۆپەراسیۆنەکان لە ١٧ی تشرینی یەکەم دەستیان پێکردووە. کاروانەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەڕەکەکان لە ڕۆژهەڵاتی موسڵ بۆ ماوەیەکی کورت دواخرا بەهۆی لەبەرچاوگرتنی ڕێ و شوێنەکانی ئەمن و ئاسایش، بەڵام هاوکارانی هێلی پێشەوەی شەڕ توانیبویان بەردەوام بن لە گەیاندنی هاوکاری بۆ ئەو کەسانەی کە پێویستیانە. ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئێستا دەستیان بە کاروانەکانیان کردووەتەوە بۆ ڕۆژهەڵاتی شارەکە.

هەواڵی تازەی داهاتوو لەسەر بەهاناوەچوونی مرۆیی بۆ موسڵ دەردەچێت کاتێك زانیاری زیاتر بەرجەستە دەبێت.
بۆ پرسیارکردن، تکایە پەیوەندی بکەن بە، دامیان ڕانس، لە ڕێگەی ئەم ئیمەیڵە، rance@un.org

Disclaimer: This document is subject to availability of data at the time of circulation. The context is evolving and the above information is subject to constant change.